**وانەی ١٤ وەڵامەکان**

١ لەئاو هەڵکێشان
٢ ئایەتەکە لەبەرکە
٣ پ)
٤ ا) ٢ ب) ١
٥ من کەسێکی نوێم لای مەسیح
٦ بەرسڤی تایبەتی خۆت
٧ ٤
٨ نوێم
٩ ب)
١٠ خوێنی عیسا
١١ ا)
١٢ کۆمەڵگەی
١٣ ڕاوەستە و سوپاسی خودا بکە
١٤ ا) نوێم ب) گوناحەکانم پ) بەشداری
١٥ ا) کەوا تۆ هاوسەرگیریت کردووە
ب) مێردەکەت یان ژنەکەت
پ) مەسیح
١٦ ئامادەبە بۆ پێوتنی بەسەرهاتی خۆت لەناو کۆمەڵەکەدا
١٧ ب) باشترە
١٨ ا) و ت) باشن
١٩ ڕاست لە چوارگۆشەکە بدە ئەگەر کەسێکی ژێر دەناسی ئامۆژگاریت بکات
٢٠ ب)
٢١ بۆ گفتوگۆ
٢٢ بۆ گفتوگۆ

**وانەی ١٤ ئەرکی کرداری**

ئەگەر هێشتا لەئاوهەڵنەکێشراوی، ئەوا برۆ قسە لەگەڵ ئەو کەسەدا بکە کە لە پرسیاری ١٩ ناوت هێناوە. ئامۆژگارییان لێ وەرگرە کە کەی و چۆن پێویستە لەئاوهەڵکێشرێین. داوا لە یەزدانیش بکە بۆ ئامۆژگاری ئەو.

**وانەی ١٤ پێداچوونەوە**

١ ئایەتی لەبیربوون بنوسەوە: "برۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، ____________________________ ____________________________" (مەتا __:__)

٢ ئێمە ئەوە فێربووین لەئاوهەڵکێشانی من هێمایەکە بۆ سێ شت. ئەوانە چین؟
ا) 'من ______ نوێم ______ ________'
ب) '__________کانم __________'
پ) 'بەشداری ________ مەسیحم کردووە'

٣ چەند گرنگە لەئاوهەڵبکێشرێیت؟

___ زۆر گرنگە ___ گرنگ نییە

**'پێویستە کەی لەئاوهەڵکێشرێم'؟**

١٨ هەندێک لە مەسیحییەکان ئامۆژگاری ئەوەت دەکەن هەر کە باوەڕت هێنا بە مەسیح یەکسەر لەئاوهەڵکێشرێ. هەندێکی تر دەڵێن باشترە چاوەڕێ بکەی هەتاکو باوەڕت بەهێزتر دەبێت. گوێ لە ئامۆژگارییەکانیان بگرە، بەڵام هەروەها گوێ لە ڕوحی خوداش بگرە. خودا خۆی یارمەتیت دەدات لەم هەنگاوە گرنگەدا. کە کاتی خۆی هات، خۆت هەستی پێدەکەیت لە دڵتا.

ڕێگە مەدە مرۆڤەکان پەلەت لێبکەنە بۆ لەئاوهەڵکێشان ئەگەر خۆت ئامادە نەبووی. بەڵام هەروەها هەڵیشی مەواسە و بیهێڵیتەوە، ئەگەر خودا پێت دەڵێت کە ئێستا کاتەکەی گونجاو و لەبارە.

کامێک لەم کردارانەی خوارەوە باشن؟ (ڕاست لە دوو وەڵام بدە)

___ ا) گوێ لە ئامۆژگاری ئەو باوەڕدارە ژیرانە بگرە کە بۆ تۆ پەرۆشن
___ ب) خۆت لادە لەئاوهەڵکێشان لەبەرئەوەی لە ئاکامەکەی دەترسی
___ پ) ئاوا بیر بکەرەوە کە لەئاوهەڵکێشان گرنگ نییە
___ ت) لەئاوهەڵکێشرێ کاتێک هەستت کرد خودا پێت دەڵێت

١٩ باوەڕداری ژیر پەرۆشی تۆیەتی و ئامۆژگاری باشت دەداتێ دەربارەی لەئاوهەڵکێشان. بەڵام هەندێک باوەڕدار ژیر نین لە دیاریکردنی لەئاوهەڵکێشان. وە هەندێک قەشەی کڵێسەکان لەئاوهەڵکێشان بەکاردەهێنن بۆ مەبەست و کەڵکی خۆیان بۆ ئەوەی ناویان بەرز ڕاگیرێت. کەواتە کەسێک بدۆزرەوە کە خۆت متمانەت پێیەتی بۆ ئەوەی کاتی لەئاوهەڵکێشانەکەت بۆ دەستنیشان بکات.

ئەگەر دەزانیت کێ ئامۆژگاری باشت دەداتێ دەربارەی لەئاوهەڵکێشانەکەت، ئەوا ڕاست لە ئەم چوارگۆشەیە بدە □. ئەگەر کەسێکی شیاو ناناسی ئەوا، داوا لە ڕاوێژکارەکەت بکە.

٢٠ پێشتر بیرمان لەوە کردەوە کە واتای لەئاوهەڵکێشان چییە بۆ ئێمەی باوەڕداران. بەڵام واتای چییە بۆ خزمە نا- مەسیحیەکانمان؟ بۆ ئەوان هێمایەکە کە بە ئاشکرا پەیوەندییەکانمان لە گەڵیان دەپچڕێنین. توشی ئازار و شەرمەزاری دەبن.

کەواتە دەبێت چۆن لەئاوهەڵکێشرێین؟

___ ا) بە ترسەوە، خەمی پارێزراوی خۆمانمان بێت
___ ب) بە وریاییەوە، بەبێ خۆشەویستی بۆ خێزانەکانمان

٢١ لەبەر خزمە نا- مەسیحیەکانمان، ژیرانەترە وریا بین و پێشگیر بین. دەتوانی بیر لە چی پێشگیرییەک بکەیتەوە بۆ ئەوەی هەواڵی لەئاوهەڵکێشانمان نەبێتە شەرمەزاری زۆر بۆ خزمەکانمان؟ (تێبینیەکانت بنوسە و ئامادەبە بۆ گفتوگۆ)

___

___

٢٢ چ ئامۆژگارییەک دەدەیتە باوەڕدارێک کە هێشتا ژنەکەی یان مێردەکەی شوێنکەوتووی مەسیح نییە؟ ئایا پێویستە باوەڕدارەکە ئێستا لەئاوهەڵکێشرێت، یان بە ئاواتەوە بێت دوایان بیکات کە هاوژینەکەی بوو بە مەسیحی؟ (تێبینیەکانت بنوسە و ئامادەبە بۆ کاتی گفتوگۆ)

___

___



١٤ لەئاو هەڵکێشان چی سێ ڕاستی نیشان دەدات؟ (بۆشاییەکان پڕ بکەرەوە)
ا) من کەسێکی ________ لای مەسیح
ب) ___________ شۆران
پ) _________ کۆمەڵگەی مەسیحم کردووە

حامید دڵخۆشە ئەم سێ ڕاستییە فێر بێت. دواتر ئەو پرسیار دەکات:

**"ئایا لەئاو هەڵکێشان زۆر گرنگە؟"**
١٥ لە ڕێگەیەکەوە زۆر پێویست نییە بۆ ڕزگاری، لەبەرئەوەی ئێمە پاراستراوین لەڕێگەی متمانەمانەوە بە مەسیح نەک لەڕێگەی ئاوەوە. بەڵام لەئاو هەڵکێشان هەر ڕاسپاردەی مەسیحە. کەواتە تۆ پێویستە لەئاو هەڵبکێشرێیت، کاتێک کاتی هات.

ا) لە زۆرێک لە کەلتورەکان، ئەگەر ئەنگوستیلەی هاوسەرگیری ببینی لە دەستی کەسێکدا ئەوە چی نیشان دەدات؟

___________________________

ب) ئەنگوستیلە زۆر پێویست نییە ئەگەر بتەوێت هاوسەرگیری بکەیت: بەڵام هەر هێمایەکی گرنگە بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە ئەو کەس گرێبەستی کردووە لەگەڵ کێ؟ _______________

پ) هەروەها، لەئاو هەڵکێشانی ئێمە نیشانەیەکی گەورەی پابەند بوونییە کە ئێمە هی کێین؟ _______________

١٦ لەڕێگەی لەئاو هەڵکێشانەوە ئێمە ئەوە نیشان دەدەین کە شانازی دەکەین کە ئێمە هی گەورەمان عیسای مسیحین. وە ئێمە دڵشادین ئەمە بە برا و خوشکەکانی لای مەسیحمان ڕابگەیەنین. پێدەچێت لە کاتی لەئاو هەڵکێشانەکەتدا داوات لێبکرێت کە "بەسەرهاتی خۆت بۆ لای مەسیح" بگێڕیتەوە. ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە بە هەموویان ڕابگەیەنی کە عیسای مەسیح چۆن ژیانتی گۆڕیوە.

با ئێستا هەوڵی ئەمە بدەین. وێنای بکە کە تۆ بەسەرهاتی خۆت دەگێڕیتەوە لە کاتی لەئاو هەڵکێشانەکەتدا. کاتێک قەشەکە داوات لێدەکات "عیسای مەسیح چ گۆڕانکارییەکی لە ژیانی تۆدا کردووە؟، چی دەڵێیت؟
دەتەوێت چ بڵێیت بینوسەوە و ئامادەبە بۆ گفتوگۆکردن. ئەگەر ئارەزو دەکەیت سەیری وانەی ٢ پرسیاری ١٥ بکە چیت نوسیوە. بەڵام بە زانیاری زیاترەوە لێرەدا بینوسەوە.

___________________________
___________________________
___________________________
___________________________

١٧ بارودۆخی سەلمە ڕێگە نادات لەئاو هەڵبکێشرێت جارێ، کامێک لەمانەی خوارەوە باشترین ئامۆژگارییە بە سەلمە بڵێی، ا) یان ب)؟
___ ا) 'گوێی مەدەرێ، لەئاو هەڵکێشان گرنگن نییە'
___ ب) لەئاو هەڵکێشان زۆر گرنگە، کەواتە بەردەوام داوا لە خودا بکە بارودۆخەکە لەبەر بکات بۆ لەئاو هەڵکێشانەکەت لە کاتێکی گونجاودا'



لە ئەم وانەدا، ئێمە هەوڵمان داوە وەڵامی پرسیارە جیاوازەکانی حامید بدەینەوە دەربارەی لەئاو هەڵکێشان. ئێستا ئێمە دێینە سەر دواین پرسیاری حامید.

٨ یەکەم ڕاستەقینە چییە کە لەئاو هەڵکێشان نیشانی دەدات؟ من کەسێکی __________ لای مەسیح



**ب) گوناحەکانم شۆران**

٩ کردار ٢٢: ١٦ دەربارەی دووەم ڕاستی لەئاو هەڵکێشان پێمان دەڵێت:
"هەستە لە ئاو هەڵبکێشرێ و بە پاڕانەوە بە ناوی ئەو گوناهەکانت بشۆرەوە".

لە ڕوانگەی ئەم ئایەتەوە، لەئاو هەڵکێشان چ ڕاستیەک نیشان دەدات؟
(یەک ڕاست)
___ ا) من کەسێکی نوێم لای مەسیح
___ ب) گوناحەکانم شۆران

١٠ هەر وەک لە ئەزمونی ڕابردومانەوە دەیزانین، دەستنوێژ یان تەنانەت لە بانووەکەشتدا خۆمان بشۆین (ئوسڵ دەرکردن) بەس نییە بۆ شۆردنی گوناحەکانمان. ئاو تەنها دەتوانێت بەشی دەرەوەی جەستەمان بشوات. ناتوانێت دڵ و ویژدانمان خاوێن بکاتەوە.

سەرەڕای ئەوەش، لەئاو هەڵکێشان هێمایەکی دەرەکی بەهێزە بۆ پاکردنەوەی ناوەوەمان کە عیسای مەسیح لە دڵماندا بەرجەستەی دەکات. عیسا لەسەر خاچ مرد بۆ ئەستەم نەکردنی ئەمە. یەکەم یۆحەنا ١: ٧ بخوێنەوە (تێبینی ئەوە بکە کە پەرتوکی یەکەم یۆحەنا پەرتوکێکی جیاوازە لە ناو کتێبی پیرۆزدا لەگەڵ پەرتوکی یۆحەنا. سەیری ڕیزی ناوەڕۆک بکە).

لە ڕوانگەی یەکەم یۆحەنا ١: ٧، چی پاکمان دەکاتەوە لە هەموو گوناحەکان؟ ______________________

١١ نێردراو پەترۆس، ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆری لەئاو هەڵکێشا لە ماوەی ژیانیدا، ئەویش هەروەها دەربارەی لەئاو هەڵکێشان نوسیویەتی لە یەکەم پەترۆس ٣: ١٨-٢٢. ئەم بەشە ئاسان نییە بۆ وەرگێران. بەڵام خاڵە سەرەکییەکان لێرەن:

- ڕزگاری ئێمە لەڕێگەی ئازار چێژینی عیساوە (ئایەتی ١٨) و هەستانەوە (ئایەتی ٢١)
- ئاو نیشانەیەکە بۆ ئەم ڕزگارییە بۆ ئێمە (ئایەتی ٢١) هەر وەک بۆ نوح بوو (ئایەتی ٢٠)

چ ڕێوڕەسمێک ئەوەم بیر دێنێتەوە کە گوناحەکانم شۆراون؟
___ ا) لەئاو هەڵکێشانی من ___ ب) ئاهەنگگێڕانی من ___ پ) پرسەی من

**پ) بەشداری کۆمەڵگەی مەسیحم کردووە**



١٢ بە لەئاو هەڵکێشانمان بەشداری دەکەین لە کۆمەڵگەی باوەڕدارانی مەسیح لە پانایی جیهان بە گشتی (ئۆمەتی مەسیح). ئافرەت و پیاو لە چەندەها ڕەگەز و تیرەی جیاوازەوە هەموو پێکەوە یەگرتووین "چونکە هەموومان بە یەک ڕۆح بۆ یەک جەستە لە ئاو هەڵکێشراین" (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ١٣)

سێیەم ڕاستی چییە کە لەئاو هەڵکێشان نیشانی دەدات؟
بەشداری __________ مەسیحم کردووە

١٣ لەئاو هەڵکێشان شتێکی تایبەتی نییە تەنها بۆ تۆ، بەڵکو پێکهاتووە بۆ هەموو کۆمەڵگەی باوەڕداران. ئەوان دەبنە شایەت بۆ ڕێوڕەسمی لەئاو هەڵکێشانی تۆ و وە لە کۆتایدا لەوانەیە هەندێک وشەی لەم جۆرە بەکاربهێنن بۆ بەخێر هاتنت:

| |
|---|
| "ئێمە بەخێرهاتنت دەکەین بۆ خێزانی یەزدان. ئێمە هەموومان پێکەوە ئەندامین لە جەستەی مەسیحدا. ئێمە هەموومان پێکەوە ڕۆڵەی هەمان باوکی ئاسمانین. ئێمە هەموومان پێکەوە میراتگری پاشایەتی خوداین. ئێمە بەخێر هاتنت دەکەین." |

➢ **ئێمە چەند بەختەوەرین کە ئاوا بەخێر هاتنمان دەکرێت لەلایەن "گەلی هەڵبژێردراوی خودا"! ئێستا بۆستە و سوپاسی خودا بکە بۆ برا و خوشکەکانت لای مەسیح.**

**'لەئاو هەڵکێشان نیشانەی چییە'**

لەئاو هەڵکێشان زۆر تایبەت و بەبایەخە.
لە ڕوانگەی پەیمانی نوێوە، لەئاو هەڵکێشان ئەمانە نیشاندەدات:
ا. من کەسێکی نوێم لای مەسیح
ب. گوناحەکانم شۆران
پ. بەشداری کۆمەڵگەی مەسیحم کردووە
ئێستات با دەربارەی ئەم ڕاستییە جوانە فێربین.



**ا) من کەسێکی نوێم لای مەسیح**

٤ هەندێک لە خەڵک دەترسن بچنە ژێر ئاوەوە لە کاتی لەئاو هەڵکێشاندا. پەرۆش مەبە، لە کاتی لەئاو هەڵکێشاندا خەڵک دەچنە ژێر ئاوەکەوە تەنها بۆ چەند چرکەیەک و وە مەترسیدار نییە. بەڵام هێمایەکی واتادار دەبەخشێت کە چی لە ئێمەدا ڕوودەدات کاتێک ئێمە بۆلای مەسیح ئاوڕ دەدەینەوە. وەکو سروشتی کۆنی گوناحاویمان لە ئاوەکەدا خنکا بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین دووبارە هەستینەوە بۆ ژیانێکی نوێ لای مەسیح!

هێڵ بکێشە بۆ هاوتاکردنی کردارەکانی خوارەوە بە پەیوەندی بە واتاکانیانەوە:

| کردار | واتا |
|---|---|
| ا) چوونە ناو کەوەکە | ١. دووبارە هەڵدەستمەوە وەک کەسێکی نوێ لای مەسیح |
| ب) دێمە دەرەوە لە ئاوەکە | ٢. سروشتە کۆنەکەم مرێندرا |

٥ کەواتە، لەئاو هەڵکێشان هێمای ئەوەیە کە ژیانە کۆنەکەم تەواوبوو و ئێستا من کەسێکی نوێم لای مەسیح.
وشەی خودا فەرموییەتی،

"بۆیە بە لەئاو هەڵکێشان لەگەڵ ئەو بۆ مردن نێژراین، تاکو چۆن مەسیح لەنێو مردووان بە شکۆی باوکەوە هەستایەوە، ئێمەش لە نوێیەتی ژیاندا بژین"
(ڕۆما ٦: ٤)

یەکەم ڕاستی چییە کە لەئاو هەڵکێشان نیشانی دەدات؟ (بازنە بە دووری وەڵامی دروست بکێشە)
[ من کەسێکی نوێم لای مەسیح ] / [ من هێشتا هەر لە سروشتە کۆنە گوناحاوییەکەمدام ]

٦ زۆربەی جار خەڵک لە کاتی لەئاو هەڵکێشاندا بە جلە کۆنەکانیانەوە دەچنە ناو ئاوەکەوە وەک هێمایەک بۆ ژیانی کۆنی گوناحاوییان. ئینجا لە ئاوەکە دێنە دەرەوە و جلێکی پاکی تازە لەبەر دەکەن بۆ نیشاندانی ژیانی نوێیان لای مەسیح.

**ئەگەر تۆ تازە لەئاو هەڵکێشراویت، هەستەکانت چۆن بوون کاتێک لە ئاوەکە هاتیتە دەرەوە؟ ئامادەبە لە کاتی گۆفتوگۆدا قسە دەربارەی ئەمە بکە.**

٧ فیراز کە خەڵکی ئەفەریقایە لەسەر هەمان ئاینی پێشوی تۆ بوو، بوو بە مەسیحی. خۆی پێناسەی دەکات بە دەمی خۆی کە هەستی چۆن بوو کاتێک لەئاو هەڵکێشرا:

"ئاوا هەستم کرد کە گوناحە کۆنەکانی خۆم مراند. خۆم دایە دەستی خودا و ئێستا من کەسێکی نوێم. من ئەو فیرازە نیم کە هاوڕێکەم دەیناسی. ئەوەشیان نیم کە شەیتان دەیناسی، بەڵام فیرازێکی نوێ – لێیخۆشبوون و دووبارە لەدایکبووەوە و وە لەلایەن ڕوحەوە چاودێریکراوە. فیرازە کۆنەکە مرد. فیرازێکی نوێ لە ژیانایە لای مەسیح. هاتمە دەرەوە لە ئاوەکە هەستم کرد کە کەسێکی نوێم!"

لە چوارگۆشەکەی سەرەوە، فیراز چەند جار وشەی "نوێی" بەکارهێناوە؟ ______ هێڵیان بەژێردا بهێنە.

# وانەی ١٤ لەئاوهەڵکێشان

حامید ئەم گەنجە حەپەساوە. ساڵی ڕابردوو خۆی سپارد بە عیسای مەسیح. حامید هەمیشە بەهێزتر گەشە دەکات لە باوەڕە تازەکەی. ماوەیەک لەمەوبەر باوەڕدارێکی تر پێی گوت ، 'پێویستە بەم نزیکانە لەئاوهەڵبکێشرێیت'، ئەمە بووە مایەی پرسیارگەلێکی زۆر لە مێشکی حامیددا:




**حامید**

با لە وانەی ئەمڕۆدا وەڵامی هەموو پرسیارەکانی حامید بدەینەوە.

**'لەئاوهەڵکێشان چییە؟'**

١ 'لەئاوهەڵکێشان' بە واتای وشە لە ئاو هەڵکێشان و نوقم کردن لە ئاو. لە پەیمانی نوێدا خوێندومانەتەوە کە یەحیای لەئاوهەڵکێش چۆن خەڵکی لە ڕووباری ئوردون لەئاوهەڵکێشاوە، تەنانەت بە عیسا خۆشەییەوە. ئەو سەردەمە شوێنکەوتووانی مەسیح لەئاوهەڵدەکێشران لە ناو ڕووبار یان تەنکی گەورە. چوونە ناو ئاوەکەوە بۆ کەمێک. ڕێگەیەکی دی تر ئەوەی ئاویان بەسەردا بکەی یان بی پرژێنی.

ئێمە تەنها یەکجار بە ئەم ڕێوڕەسمە گرنگەدا تێدەپەڕین لە ژیانماندا، لە ژیانماندا دووپات نابێتەوە. ناوی ئەم ڕێوڕەسمە چییە؟ __________

**'بۆچی دەبێت لەئاوهەڵکێشرێم؟'**

٢ ئێمە لەئاوهەڵدەکێشرێین لەبەرئەوەی یەزدانمان عیسا ڕایسپاردوین. دەفەرموێت

| |
|---|
| "کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن" (مەتا ٢٨: ١٩) |

ئەمە ئایەتێکی زۆر گرنگە. تکایە ئێستا لەبەریکە.

٣ بۆ گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکەی مەسیح، نێردراو پەترۆس لە ئۆرشەلیم بە خەڵکێکی زۆری وت "تۆبە بکەن و لەئاوهەڵکێشرێن" (کردار ٢: ٣٨). ئەو ڕۆژە سێ هەزار کەس ئەو پەیامەی قبوڵ کرد و هەنگاوی لەئاوهەڵکێشانی گرتەبەر!

<u>باشترین</u> هۆکار چییە بۆ من کە لەئاوهەڵبکێشرێم؟ (تەنها یەک ڕاست)

___ ا) لەبەرئەوەی دەمەوێت بیکەم

___ ب) لەبەرئەوەی هاوڕێ مەسیحییەکەم دەیەوێت من بیکەم

___ پ) لەبەرئەوەی یەزدانم عیسا منی ڕاسپاردووە بیکەم